adnanfilm@yahoo.com
dr._mohsen_omer@yahoo.com

Journal Cinemathographique Kurde, Publié Par:
Dr. Mohsen A. Omer, Adnan O. Ali

5

KURDISTAN - HAWLER

# CINEMA KURDICA

cinemakurdika@yahoo.com

## WEB CINEMA

**هشیار نێرۆیی**

ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما
**www.kurdcinema.net**

ئەم فێستڤاڵانە ساڵانە لەم ڕێکەوتانەی خوارەوە فیلم وەردەگرن و فیستڤال سازدەکەن


*** فێستیڤالی نێو دەوڵەتی کورتە فیلمی (بارسلونا)**
International short film festival of Barcelona – MECAL
تا یبەتمەندی و گریمانەکانی ئەم فێستیڤالە لە سێ بەشی سەرەکی پیک دێت (کورتە فیلم، فیلمی دیکومێنتاری، فیلمی دەرهێنەرە نەناسراوەکان)
فورماتی وەرگرتنی فیلمەکانNTSC-PAL-VHS-DVD
دواین مۆڵەتی وەرگرتنی فیلمەکان: ٣٠ جون
روژانی بەڕێوەچوونی فێستیڤال ١٠ تا ١٨ سێپتەمبەر
**www.mecalbcn.org**

*** فێستیڤالی نێودەوڵەتی فیلمی بانکوک**
Bangkok international film festival
شوێنی فێستیڤال – تایلاند
تایبەتمەندی و گریمانەکانی.
فیلمی درێژ- فیلمە دیکومێنت – کورتە فیلم
بەشەکانی فێستیڤال
١-نێو دەوڵەتی
٢- پێشبڕکێی فیلمە کانی ئاسیایی ٨٠ خولەک بە سەرەوە
٣- پێشبڕکێی کورتە فیلمی ئاسیایی
٤- پێشبڕکێی یەکەم کاری دەرهێنەرە تازەکان
٥- پێشبڕکێی فیلمی دێکومێنتی درێژ لە ٨٠ خولەک زیاتر
خەڵاتەکان: خە ڵاتی بەشی یەکەم . باشترین فیلم- باشترین دەرهێنەر- باشترین ئەکتەری پیاو- باشترین ئەکتەری ژن
خەڵاتی بەشی دووم . دەدرێتە باشترین فیلمی ئاسیایی
باشترین کورتە فیلمی ئا سیایی
خە ڵاتی باشترین دەرهێنەری تازە (تازە کار)
خەڵاتی باشترین فیلمی دێکومێنت
فورماتی وەرگرتنی فیلم: VHS-DVD
باجی بەشداربوون:
بە گوێرەی کاتی ناردنی فیلم لە ٤٠ دولار تا ٦٥ دۆلاری ئەمریکیە
دواین مولەتی وەرگرتنی فیلمە کان –یەکی نۆڤێمبەر
روژانی بەڕێوەچوونی فێستیڤال -١٣-تا ١٤ جەنی وەری
**www.bangkokfilm.org**

*** فێستیڤالی نێودەوڵەتی فیلمی( قاهیرە)**
Cairo international film festival
شوێنی بەرێوە چونی (میسر)
تا یبەتمەندی و گریمانەکانی:
لە دوو بەشی پێشبڕکێ و دەرەوەی پێشبڕکێ پێک دێت
نیشاندانی فیلمی درێژی بەرهەم هاتوو لە هەموو وڵاتانی دونیا
خەڵاتە کان-
١- خەڵاتی باشترین دەرهێنەر
٢- خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو
٣- خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت
٤- خەڵاتی باشترین فیلمی عەرەبی
٥- خەڵاتی تایبەت بۆ باشترین یەکەم کار یان دووەم کاری دەرهێنەر
٦- خەڵاتی باشترین کاری هونەری
٧- خەڵاتی باشترین فیلم
٨- خەڵاتی باشترین سیناریۆ
٩- خەڵاتی تایبەتی دادوەران
فورماتی وەرگرتنی فیلم- ٣٥ ملم
دواین مۆڵەتی وەرگرتنی فیلم- یەکەمی ئۆکتۆبەر
روژانی بەڕێوە چوونی فێستیڤال ٢٩ نۆڤیمبەر تا ٩ دیسەمبەر
**www.cairofilmfest.com**

## لە سینەما کوردیکاوە

بۆ رۆشنبیرو نووسەرو سینەماکارانی بەڕێز، تکایە لەمەودوا بۆناردن و بڵاو کردنەوەی بابەتەکانتان رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:
١-نووسەری بابەت بەرپرسە لە راستی و دروستی ناوەڕۆکی بابەتەکەی.
٢-بابەتەکان بە فۆنتی ALI K. SAHIFA Bold بنێرن.
٣-بابەتەکان وێنەی شیاوو تایبەت و کواڵێتی بەرزیان لەگەڵدا بێت.
٤-بابەتەکان لە هیچ شوێنێکی دیکە بڵاونەکرابێتەوە.
٥-تا باری درایی سینەما کوردیکا باشتر دەبێت و ماڵپەڕی تایبەت بە خۆی دەبێت، دەتوانن ژمارە تازەکانی لەم ئەدرێسە ببینن و داونلۆدی بکەن.
www.kurdcinema.net/cinemakurdica/



## زوهێر عەبدولمەسیح سکاڵا لەسەر ١٢ وڵات تۆماردەکات

دەرهێنەری کورد زوهێر عەبدولمەسیح خەریکی تەواوکردنی فیلمە دۆکیۆمێنتیەکەیتی کە باس لە مینەکانی کوردستان دەکات، ئەو مینانەی کەبەدەستی دۆژمنانی کورد لە گوند و دەشت و چیاکانی کوردستان چێنراون، هەرچەندەی پووچەڵ دەکرێنەوە هەر تەواو نابن، بەگوتەی مامۆستا زوهێر کە ئەویش لە بەرپرسێنی MAG بیستووە، باشوری کوردستان ٢٥ ملیۆن مینی لێیە و بەشی سەد ساڵ پاککردنەوە دەکات، هەروەها دەرهێنەر بە سینەما کوردیکای راگەیاند، دوای تەواوکردنی فیلمەکەی و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، نیازی وایە فیلمەکەی لەگەڵ سکالایەک پێشکەشی دادگای لاهای نێودەوڵەتی بکات و بە دۆکیۆمێنت ئەو مینانە ئاشکرا بکات کە لەلایەن ١٢ وڵاتی جیاجیا بۆ ڕژێمی بەعس دروستکراون، لە باشوری کوردستان چێنراون بۆ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و پێشمەرگە.

Graphique et mis pages: Aso H. Ahmed
00964 750 447 1821

سینەما کوردیکا بەهاوکاری
ڕۆژنامەی چاودێر دەردەچێت

# لە لەندەن کۆتایی بە وێنەگرتن لە فیلمی کوردی بەریتانی Let's change it هات

فیلمی هونەرمەند (ئاوات عوسمان عەلی) بەناوی (Let's Change It) لە بەریتانیاو لە شاری لەندەن کۆتایی هات، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم فیلمە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیەو لە گروپێکی هونەرمەندانی کوردو بەریتانی ساڵی پار ڕویدا بوو. هونەرمەند ئاوات عوسمان عەلی دەڵێت: پار لەکاتی خۆئامادەکردندا بووین بۆ فیلیمێکی کۆلێژ کە کەش و هەوا زۆر سارد بوو بەفرانبار بوو، دەرهێنەرەکەمان بەرەو ماڵەکەم دەهات کە جانتایەکی پێبوو کامێرایەک و چەند پەڕتوکێکی دۆکیومێنتەری و سیناریۆی فیلمەکەمانی پێبوو تەنها یەک کۆڵانی مابوو بگاتە لامان دز پەلاماری داوو جانتاکەیان فڕاند.. کە من و وێنەگرەکەمان لەگەڵ پۆلیس چوینە سەری هەموو گیانی خوێن بوو لەوێدا بیرێکم بۆ هات و گوتم : بۆ ئەم چیرۆکە نەکەین بە فیلیمێکی (مۆکیۆمێنتەری) تازە ئێمە هیچمان بەدەستەوە نەماوە.. کامێرا دزراوە.. سیناریۆ ڕۆشتووەو هەرچیمان بوو دزرا.. کامێرامانەکەم کە ناوی ئادامە و ئینگلیزە گوتی: تۆ باسی چی دەکەیت کابرا خەریکە دەمرێت ئەمەندە تێهەڵدانی خواردووە گیانی خەڵتانی خوێنە.. جا هەستام بە نوسینەوەی سیناریۆکە و ئەمساڵ فیلمەکەمان دروست کرد.. لەهەمان کەش و هەوای ساردو بەفربارینددا.. شایانی باسە لەم فیلمەدا هونەرمەندان (ڕزگار کەریم سەعید و سەلام مەجید و ئاکۆ عەلی)وەک سێ کورد نواندن دەکەن و پیا حەداد لە لوبنانەوە و دیجانا ترتانج و سایمون فۆکس و ڤێنیتا تویگ لە بەریتانیاوەو ئاش کایرۆ لە میسرەوەو سۆزان کیزیکلۆگلۆ لە تورکیاوە نواندنی تێدا دەکەن.. کە فیلمێکی مۆڵتی کەڵچەری بەریتانیەو خۆ ئامادە کردن دەستی پێکردشووە کە بۆ یەکەم جار بنێررێت بۆ فێستیڤاڵی (کان) ی ئەمساڵ و پاشان بچێت بۆ فێستیڤالی (ڕۆما)و (بەرلین)و ئەوجا فیستیڤاڵەکانی تری بەریتانیا و کوردستان. شایانی باسە کە زۆربەی زۆرینەی بەشدارانی ئەم فیلمە دەرچوانی پەیمانگاو ئەکادیمیا سینەماکانی بەریتانیان و هەندێکیان پلەی ماستەریان هەیە لە نواندندا و گروپی وێنەگرتنیش کەسانێکن وەک یاریدەری دەرهێنەری یەکەم (ئاوات نامیق ئاغا)و (ئادەم ئیترینگتن)(سینەما تۆگراف)و (ئاشۆک گازۆڵا)(دەنگ)و (نێرماڵا مارتیز) (بەڕێوەبەری بەرهەم)و (سیسیلا ئەنتۆنێن)و (جەیمز نۆرانی)و (مات ئێدمۆندستن)و (لیدیا ئالین)و (دانی ئیلیۆت)و (مێریل ئۆ فلاین)(ئێدوارد و ستێڤانی) (یاریدەدەرانی کامێرا)و هەروەها (ئاواز سەعید) هەڵسا بە کاروباری خواردن و خۆ ئامادەکردن کە هەر یەک لەو هونەرمەندانە لە دەیەها فیلمی کورت و چەندەها فیلمی درێژدا بەشداریان کردووە و فیلمەکە بە کامێرای (ڕێد وەن)و بە لێنزی ٣٥ ملم تۆمار کراو پاشانیش وەردەگێررێت بۆ فیلمی ٣٥ ملم ی سینەمایی.. ئاوات عوسمان دەڵێت:- (دووای ڕوودانی ئەو کارەساتە لە کۆلێژ کاتێک من دەستم کرد بەنووسینی ئەم سیناریۆیە دووای ساڵێک لە هەمان شوێنی ڕووداوە ئەسڵیەکەدا و لەگەڵ هەمان وێنەگر کە ئاگای لەڕووداوەکە بوو دەستمان کرد بەوێنەگرتن و هەفتەی پێشوو وێنەگرتن تەواو بوو کە لە پلەی ٤ لەژێر سفرەوە بە بەفرو سەرمای لەندەن تەواومان کرد..) چیرۆکەکە دەربارەی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت فیلمێک دروست بکەن کە کیژێکی کوردی لوبنانیەو کوڕێکی ئینگلیز بەڵام کورە دزی لێدەکرێت و دزەکان دەچن فیلمەکە تەواو دەکەن بە یارمەتی کچە کوردە لوبنانیەکە و دەیبەن بۆ فێستیڤاڵی فیلمی لەندەن.. هەرچەندە کیژە کوردە لوبنانیەکە هونەرمەندە، فیلمەکە پاداشتێک دەباتەوە بەڵام لەڕۆژی وەرگرتنی پاداشتەکەدا شتێک دەقەومێت جا ئێمە ئەو مەسەلەیە جێدەهێڵین بۆ بینەران تا خۆیان ببینن.. شایانی باسە هونەرمەند ڕزگار کەریم سەعید ڕۆڵی خالید دەبینێت کە کوڕێکی عەرەبەو یەکێکە لەو دوو کەسەی کە جانتاکە دەفرێنن لەگەڵ سەلام مەجیدیدا کە ڕۆڵی کوردێک دەبینێت.. بەهیوای ئەوەین کە فیلمەکە لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا کۆتایی بێت. شایانی باسە زۆربەی ئەکتەران و بەشدارانی گروپی ئەم فیلمە بەخۆبەخشی کاریان کردو تەنها ئاواتیان خزمەتکردنی هونەرەکەیانە.



# یادتان بەخێر : ئەسعەد عومەر





**مادی ئومێد**

زۆرن ئەوانەی وەک کزە بایەکی فێنک دێن و بە سروشتی جوانی هونەردا گوزەردەکەن ولەگەڵ خۆیاندا یادگارییەک بەجێدەهێڵن، یادگارییەک بۆ هەندێک کەس خەم و بۆ کەسانێکیش ماڵئاوایی و بەس، بۆ هونەری کوردیش کەلێنێک و رایەخێکی گەورەی پڕ تاسەو هیوایەک کە وەکو دەسودیاری لەگەڵ خۆیاندا لەدنیای هیچ وپووچەوە لە پریاسکەیەکی دەپێچن و دەیبەن و دەیبەن و ... تەواو ... هیچ ئاوڕێک لەکەس نادەنەوە... ئەوانە دۆست و هاوپیشەمانن هاوخەمی یەکتر بووین و لەناکاو... دەبنە مایەی پەژارە وداخێکی گران...

ئەسعەد عومەر...

لە شانۆوە بۆ بەردەم کامێرا.. لەشانۆوە بۆ پشتی کامیرا... بۆ ناو ئاژاوەو هەراو کوشتارەکانی کەرکوک و تۆمارکردنی روداوەکان لە ئان و ساتەوەختی خۆیداو پاشان دروستکردنی فیلم بەم مەتەریالە گرژو توندو تیژانەی کە چلکنی ئەم ژیانە دەخەنەڕو... زۆر شتی تر لەپریاسکە سادەو ساکارەکەی ئەسعەد عومەردا بەجێماون و کەس نازانێت لە کوێ ئەرشیف بکرێن، چونکە ئەسعەد سەر بە نەتەوەیەکی بێ ئەرشیفە.

## لەمەهابادەوە بەرەو هەولێری میواندۆست

ئبراهیمی تەنهایی لە هەولێردا خۆی بە میوان دانەدەنا کەچی بارە خەمەکەی هەندە سەخت بوو من چاکم دەزانی بە کەسێکی دڵناسک و بێوەی وەک تەنهایی هەروا بە ئاسانی جلەوکێش ناکرێن ... ئەو دەیگوت من کەمەنکێشی هونەرو ئازادی کوردستانم... کەچی گوزەران و ژیانی سادەو ساکاری تەنهایی لەلای من ببوونە مایەی نیگەرانی و ئازار ؟

ئەکتەرێکی مەزن بوو، تۆنی دەنگی لەژێر کۆنترۆلی خۆیدابووو، زۆری پێخۆشبوو کەدەمگوت، تەنهایی بەراستی ئەکتەرێکی بەتوانای، مەزنی.. ئەویش بەڕوویەکی خۆش و ستایلێکی سابڵاخانەوە پێدەکەنی و دەیگوت: بەخوا چوار مانگە کرێی خانووم نەداوە.. فیلم و سینەمای چی، خەریکە خۆم دەبمە فیلم.. خاوەن خانوو بەدواما دەگەرێت.. فڵانە (مەسئول) بەلێنی داوە هاوکاریمکات بەڵام بەخوا راستناکەن، ئاخ دەردم زۆرە، بەداخەوە !؟

من لەگەڵ تەنهایی دا کارم کرد.. پاڵەوان و ئەکتەری سەرەکی فیلمێکم بوو، وەک ئەکتەرێکی کاراو شارەزا هەموو ئەرکێکی هونەری خۆی بەدلسۆزی رادەپەراند، لەلای من یەک خۆزگەی پر گرینی بەجێهێشت،، بەخۆم دەلێم، داخیگرانم، خۆزگە زیاتر هاوکاریم بکردایە، سەری نوازش بۆ ئەوهونەرمەندانەی لەرۆژانی سەختا دەستیان پێکردو لەناکاو بەجێماندە هێڵن، هیچ دەستاڵاتێکمان نییە.. مەگەر بلین.. دۆستان.. یادتان بەخێر.








## هەنسکێک بۆ "ئەسعەد عومەر"
## گەنم رەنگێک ئەسمەرتر لە گەنم

باڵات بەرزتر لە چنار ... رۆژانە خۆی نمایش دەکرد ... قژت ئاڵۆزتر لە خەون ... سەدان هیوای بۆ داهاتوو وێنادەکرد ... هەمیشە دەتخواست رۆژگارت هێند درێژ ببێ ... بەشی پرۆژەکانت بکات!!! هێی موهاجیر ... دوای چەندین ساڵی تەمەن لە غوربەتا کە هاتیەوە بۆ وێرانە خاکێکی سووتاو ... گەشایتەوەو خونچەت دەرکرد ... لە دیار گڕی باباگوڕگوڕ هەڵلەرزین و بێئومێدی دەیان ساڵت فەرامۆشکرد ... دۆزەخی دانتیت کرد بە شانشینی خۆت و ... پڕ هەڵپە بووی چوون خەرمانێک دیدی جوان و هزری جوانت لە رۆژئاوا دەستکەوتبوو ... دەتویست زەمەن لە شوێنی خۆی بوەستێنێ و هەنگاو بنێی ... چەندە خەونی سەوزت هەیە .. پەیتا پەیتا بەدیبینێ ... تۆ لە مەملەکەتی عەدەم ... شەڕت لەگەڵ عەدەم دەکرد ... لەنێو پاشماوەی ئەو جەستە بێ گوناهانەی تیرۆریستان هەلا هەلایان دەکرد ... تۆ فیلمێکت دروست دەکرد.

هێی موهاجیر .. ئەی قژ لوولە خوێن شەکرەکەی ... لە ترۆپکی تورەیی و نائومێدیدا خەندەت بە ئێمە دەناساند ... دوای سەفەرت بزەو خەندە چۆن بناسین..؟ دوا بڕیار هی تۆ نەبوو ... لەگەڵ فیلمسازان کە چیتر سەفەر نەکەیت و لە کۆلێژی سینەما لە پایەتەخت وانەبێژ بیت..؟

بۆ لەناکاو سەفەرێکی ئەبەدیت کرد..؟ هێی برادەر تۆ نەبووی چاوەڕوانی واژۆکردنی دەیان پڕۆژەی هیواکانی ئەوسات دەکرد..؟

ئەی راشەکانی دواهەمین پڕۆژەت مۆنتاژ کرد..؟ یا لە هەگبەی شانتا بوون و ماڵئاواییت لەوانیش کرد..؟

تەحسین فائق
٢٠١٠/١/١٦

سینەما کوردیکا
ژمارە (٥) جانوەری ٢٠١٠
cinemakurdika@yahoo.com

# ئەرێ ئەی هاوار کەی وایە ؟

**کازان کرێکار شێرەبەیانی**

ئەگەر فیلمی دۆکمێنتەری سەرپێی بیت (improvisation) ! واتە $CO_2$ ئاوە نەک $H_2O$! یان بڵێین عیسا پێغەمبەری ئیسلامە - و- مەحەمەدیش مەسیحیە - و هەروەها خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدیت! ئەم بۆچونە گومان لێکراوانە نموونەی ئەو هەڵە کوشندانەن کە لە سینەما کوردیەکا- ژمارە٣- نۆڤێمبەری ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە لە نوسراوێک بە ناونیشانی تیۆری سینەما- فیلمی دۆکومێنتەری- ئەم بابەتە بێهاوتا ناراستە، نا زانستی و نا ئەکادیمیە - هۆیەکانی ئەم بۆچونە دەخەمە بەردەم خوێنەر بۆ ئەوەی زیانیان لێنەکەویت و بەم شێوە سەرلێشێواویە لە مانای فیلمی دۆکومێنتەری نەگەن و ئاگادار ی ڕاستیەکان بن. پێشەکی با پیناسەیەکی فیلمی دۆکومینتەری- بەلگەنامەیی- بکەین:

هەندێک ڕەنگە بڵێن فیلمی دۆکومێنتەری واتە تۆمارکردنی ڕوداوێکی ڕاستی لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا کە بەسەر کەسێک یان کەسانێکی هەبوودا هاتوە یان دێت، گێرانەوەی ئەم روداوە راستگۆیە- بەبێ بەکارهێنانی چیرۆکی داڕێژراو(سکرین پلەی)، ئەکتەر و برگەکانی تر کە لە فیلمی سینەما (فیکشن) دا هەن! کەسێکی تر ڕەنگە بڵێت فیلم دۆکومێنتەری واتە پێچەوانەی فیلمی فیکشن، بەڵام ئایە ئەم پێناسە تەواوە؟

نەخێر، چونکە لێرەدا پرسیار دێتە کایەوە، بۆ نموونە تۆ فیلمکار نیت بەڵام سەیرانێک دەکەیت، کامیرات هەیە، سەیرانەکەت تۆمار دەکەیت بە کامیرا!

یاخود بڵێین زەماوەندەکەت تۆماردەکەیت وەک فیلم ، ئایە ئەمانە فیلمی دۆکومێنتەرین بەمانای وشە؟ بەڵی ڕوداوەکان ڕاستین، کەسەکان ڕاستگۆن، بەڵام ئایە ئەو فیلمانەی زەماواند و سەیران دەکرێت ناوی فیلمی دۆکومێنتەریان لێبنرێت؟

نەخێر چونکە فیلمی دۆکومێنتەری ناوەرۆک و هۆی بەرهەم هێنانیان گەلێک لەم شێوە کارە سادانە تێکهەڵکێش ترە و لێرەدا ماوەی ئەوەمان نییە کە برۆینە ناو ئەم باسەوە و پێناسەی سەرتاسەری فیلمی دۆکومێنتەری بکەین- بەڵام با بڵێن

فیلمی دۆکومێنتەری روداوێکی ڕاستی دروست کراوە،.

بەڵێ دروست کراوە هەروەک فیلمی سینەما (فیکشن) چونکە فیلمکارەکان و بەرهەم هێنەرەکانی ئەو فیلمە دۆکومێنتەرییە پێشتر بریاریان داوە لەو ڕوداوە ڕاستیەدا چەندی تۆمار بکەن، چی بەشێکی هەڵبژێرن، چی دروست بکەن و چۆن دروستی بکەن وە بۆچی و بۆ کێی دروستی بکەن وە بۆ کام مەبەست. واتە پێش ئەوەی فیلمکاری دەستپێبکات ناوەرۆکی فیلمەکە نوسراوەتەوە وە ئامادەیە بۆ دروستکردن بە بەکارهێنانی کامیرا، مایکرۆفۆن، چرا، ئێدیت، و هتد.

فیلمی دۆکومێنتەریش هەروەکو فیکشن شیوازی ، ژانەری جیاوازیان هەیە. لەمانە :لیکۆڵینەوە(ئینڤێستیگەتیڤ)، چاودێری(ئۆبسێرڤەیشنال)، ڕیپۆرتاجی (پرێزنتەری/ ڕیپۆرتێری)، مێژوویی(هیستۆریکال)، تاقیکردنەوەیی (ئێکسپێریمێنتاڵ)، جوانکاری (پۆیتیک) و هتد. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە فیلم دۆکومێنتەری دروست کراوە، ئەگەر نا، ئەم ژانەرە جیاوازانە بۆ چی؟

بابێنەوە سەر بابەتە کەمان و هەندێک لە نوسراوەکەی لەسینەما کوردیەکەدا هاتوە بخوینینەوە - دەڵێت:

(لە فیلمی دۆکومێنتەریدا تیزوتۆپیک سەرەتایە و نە نووسەر و نە دەرهێنەر یان بەرهەم هێنەر و کەسایەتی کامیراش نازانن کە دید و نیگاکان بەرەو کوێ دەڕوات و چی ڕودەدات لە کاتی دروست کردن و بەرهەم هینان...!)

تیزوتۆپیک! لە فیلمی دۆکۆمینتاری تیزوتۆپیک نیە، بەڵکو بیرۆکە هەیە (سینۆپسیس)، کە زۆر بەوردی و بە زیرەکی داڕێژراوە لە یەک یان دوو لاپەرەدا لەلایەن نوسەرەوە یان دەرهینەر، واتە خاوەن بیرۆکەکە. بیرۆکە بەکاردێت وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ سەرنج ڕاکیشان بەرهەمهێنەر و پەیداکردنی خەرجی(بوجە) بۆ دروستکردن فیلمەکە. بەڵام کاتێک کۆمپانیایەکی فیلم، تەلەفیزیۆنێک ئەم بیرۆکەیاین پێ باش بیت، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بیرۆکەکە بکەن و بەبەرهەمی بهێنن وەک فیلم، ئەوان داوادەکەن لە خاوەن بیرۆکەکە بڕوات بۆ هەنگاوی دوو، ئەویش داڕشتنی ئەو بیرۆکەیەیە بە فراوانی واتە ناوەرۆکی فیلمەکە(تریتمێنت) کەرەنگە تاکو دە یاخود دوانزە لاپەرەی پێویست بێت بۆ نوسینەوەی، بۆ ئەوەی پیش دەستپێکردن بەکار گشتی بابەتەکە و لایەنەکانی فیلمکاری ڕوونبکاتەوە.

(تێزوتۆپیک سەرەتایە !!)

ئەگەر تێزوتۆپیک مەبەست ناوەڕۆک فیلم بیت- لەکاتی دەستپێکردن بە فیلمکاری ناوەڕۆک ناتوانێت سەرەتابێت! ئەمە زۆر هەڵەیە ، نموونە لەشێوازی فیلم دۆکومێنتەری مێژووییدا، ڕوداوی رابردو، دەرهێنەر، نووسەر و بەرهەمهێنەر هەموو زۆر چاک دەزانن خاڵ بە خاڵ چییان دەوێت فیلم بکەن، لەگەڵ کێ دیدار بکەن، پرسیاری چی بکەن، چی کاتێک ولە کوێ بیکەن. هەموو بەرنامەی بۆ دانراوە، وە هەروەها شێوەی فیلمکاری و بەکارهێنانی کامیرا، وێنە و دەنگ - هەموو پێشتر تەواو بیری لێکراوەتەوە و بڕیاری لەسەر دراوە وە ئەوسا دەست بە کارکراوە. ئەم هەنگاوسەرەکییە پێی دەوترێت پشکنین یان گەڕان و لیکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی روداو (ڕیسێرچ)، ئەمەش لە کاتی بەرهەم ئامادەکردن (پری- پرۆدەکشن) ، مۆرۆڤی پسپۆڕی خۆی هەیە (ڕیسێرچەر) کە ڕۆڵێکی زۆر بالای هەیە لە ئامادە کردنی هەموو بوارەکانی پێویست کە پەیوەندیان بە ناوەڕۆکەوە هەبێت. لە فیلمێکەوە بۆ فیلمێکی ترماوەی ئەم گەڕانکاریە دەگۆڕیت، بەڵام بەلایەنی کەمەوە پێویست بە دوو هەفتە هەیە تاکۆ ریسێرچی زۆربەی زۆری بواری فیلمکاری و ناوەرۆک ئامادە بکات، وە ئەوسا دەستەی بەرهەمهێنان کات و شوین کار (سکێجوەل) دەستنیشان دەکەن و دوای ئەوە دەست بە فیلمکاری دەکرێت، واتە ناوەڕۆک سەرەتا نیە، بەڵکو زۆربەی فیلم لە (پری- پرۆدەکشن) ئامادە کراوە.

(نە نوسەر، نە دەرهینەر یان بەرهەمهێنەر و کەسایەتی کامیراش نازانن کە دید و نیگاکان بەرەو کوێ دەڕوات و چی ڕودەدات لە کاتی دروست کردن و بەرهەمهێنان...!!!)

ئەی هاوار ئەم تیۆری‌یە بێ سەروبەرە لە کام دۆکومێنتەری دا بینراوە؟ لە کام پەرتوکی فیلمکاری دا نوسراوەتەوە؟

کاتێک ناوەڕۆکی فیلمێکی دۆکومێنتەری، بەهەر شێوازێکیەوە بیت، دادەڕژێردرێت و ڕیسێرچ و پلان و خەرجی و کات و شوێنی تەواو ئامادە دەکرێت، نووسەر، فیلمکار، بەتایبەت دەرهێنەر و پڕۆدیسیۆر و کۆمپانیای بەرهەمهێنان زۆر باش دەزانن ناوەڕۆک چیە، و هەروەها باش دەزانن کە دەیانەویت لەگەڵ کێ دیدار بکەن و نیگاکان بەرەو کوێ بەرن و هەموو کات تەواو ئاگادارن لە ناوەڕۆک بۆ ئەوەی



بە هیچ جۆریک لە چیرۆک و ڕوداو سەرەکی فیلمەکە دورنەکەونەوە، واتە پێش دەستکردن بە فیلمکاری هەموو دەزانن دەیانەوێت چی بابەت و ڕوداوێک بخەنەڕو، چۆن بیخەنەڕو و بەکام شێواز. لە فیلمی دۆکومێنتەری چاودێری(ئۆبسێرڤەیشنال) لە کاتی تۆمارکردن ڕەنگە ڕوداوی نوێ بێتە پیشەوە کە ببێتە هۆی دورکەوتنەوە لە ناوەڕۆکی ڕەسەنی فیلمەکە، بەڵام بەزوترین کات فیلمکارەکان هەوڵدەدەن ڕوبەڕوی ئەو ڕوداوە نوێیە ببنەوە و بیگەڕێننەوە سەر سکەی ناوەڕۆکی فیلمەکە کە پێشتر نوسراوەتەوە و بریاری لەسەر دراوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو ڕوداوە تازەیە سودبەخش نەبێت بۆ ناوەڕۆکی ڕەسەنی فیلمەکە - ئەوا فیلمکارەکان نەک هەر دوای ناکەون بەڵکو پشتگۆی دەخەن و یان لە کاتی پیچەوانەو (ئێدیت) ئەو ڕووداوە تازەیە دەبردرێت و لە فیلمەکە دەردەکرێت، واتە دەتوانین بڵێین ڕوداو ئەگەر دۆکومێنتەرییش بێت، کە بڕیار لەسەری درا، ئیتر دەکەوێتە ژێردەست و کۆنترۆڵی فیلمکاران بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی سەرەکی فیلم دەرنچێت، نووسەر، دەرهینەر و بەرهەمهێنەر زۆر باش دەزانن چی رودەدات لە کاتی تۆمارکردن فیلمەکە، وە ئامادەنین بکەونە دوای ڕوداوێک کە پەیوەندی بەو فیلمەوە نەبێت.

بەشیکی تری نوسراوەکە دەڵێت:

(تەنانەت ئەگەر بتەوێت هەندێک پرسیار بکەیت و کەسێک بدوێنیت، ڕەنگە وەڵامەکەی ئەو کەسە بەرەو جێگەیەکت بەرێت کە پڕبێت لە گرێ و کێشە و کێبڕکێ و سەمەرە کە خۆت حەزی پێ ناکەیت...!!!!)

ئەمە ڕاست نییە چونکە پرسیارە کان پێشتر هەموو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە و بڕیاریان لەسەر دراوە و نوسراونەتەوە، وە لە کاتی فیلمکردن دیداردا تەنها ئەو پرسیارانە دەکرێن کە پەیوەندیان ڕاستەو خۆ بە ناوەڕۆکی فیلمەکەوە هەبێت. ئایە بۆچی فیلمکار دەبێت دوای پرسیارێک بکەوێت کە هیچ پەیوەندی بە ناوەرۆکی فیلمەکەوە نەبێت و خۆی توشی کێشەو کێبڕکێ و سەمەرە بکات ؟

ئەم کارە تەنها لە فیلمکاری سەرلێشێواو و نەزان دەوەشێتەوە، چونکە فیلمکاری هۆشیار و زیرەک باش دەزانێت چی پرسیارێک بکات، کەی، بۆچی و چۆن بیکات. ئەگەر وەڵام لە مەبەستی ئەو نەبیت، ئەو وەڵامە فرێ دەدرێت و فیلمکار ناکەوێتە دوای.

بەشیکی تری نوسراوە کە دەڵێت:

(دۆکومێنتەری فیلم هونەری سەرپێیە {ئیمپرۆڤایزەیسشن}، کە دەستپێدەکەیت نازانیت چی بڵێیت؟... کە دەبێ دوایی دەنگی گیرەوەر یان شیکەرەوە یان دەنگی دەرهینەر بخەیتە سەری وەک {ڤۆیس ئۆڤەر ، ڤۆیس ئینتێریەر، ڤۆیس ئاندەر}، کە تێکست دەشکێت...!!!!!)

بەراستی ئەگەر فیلم دۆکومێنتەری هونەری سەرپێی (ئیمپرۆڤایزەیشن) بیت، منیش دەڵیم خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدیت. وشەی سەرپێی یان کتوپر(ئیمپرۆڤایزەیشن)، وشەیەکە کە لە دونیای دراما و شانۆ بەکاردێت، واتە کاتێک ئەکتەرێک لەپڕ ڕستەیەک، گیرانەوەیەک یان دیمەنێک دروست دەکات کە لەسەر داواکاری دەرهێنەر نەبیت و لەناو دەق- نوسراوەکەدا نەبێت. ئایە فیلم دۆکومێنتەری شانۆ و ئەکتەری کردنە؟

داوام لە خوێنەر و فیلمکاری کورد ئەوەیە کە بڕۆن چی پەرتوک چی تیۆری و چی نوسراو هەیە کە تاکو ئێستا لەسەر فیلم دۆکومێنتەری نوسراوەتەوە- بیخوێننەوە - بزانن لە هیچ شوێنێکدا هیچ کەسێک بەم شێوە سەرلێشێواویە ووشەیەی کوتوپڕ یان سەرپێی (ئیمپرۆڤایزەیشن)ی بەکارهیناوە بۆ فیلمی دۆکومێنتەری؟

بەڕاستی ئەمە گەورەترەترین *کفرە* کە تاکو ئێستا کرابیت بە پێناسی فیلمی دۆکومێنتەری چونکە دۆکومێنتەری تەواو دژی سەرپێیە. ئەمە وەک ئەوە وایە کە ئاگر بە بەنزین بکوژێنیتەوە - (کە فیلمی دۆکومێنتەری دەستپێدەکات نازانیت جی بڵێیت...!!!!!!)

چۆن چۆن چۆن؟ ئەی ئەگەر نەزانیت چی بڵێیت، چی دروست دەکەیت و کەوتویتە دوای چی؟ هەر باشە ئەم باسە بە کوردی نوسراوەتەوە بۆ ئەوەی هەر خۆمانی پی ڕیسوا ببین.

(دەنگی گێرەوەر، شیکەرەوە یان دەرهێنەر...!!!!!!!)

ئەمە لە کوێ نوسراوەتەوە، لە کوێ وە ئەم" تیۆریە" هاتووە ؟ دەرهێنەر ڕەنگە دەنگی زۆر ناخۆش بێت، یان فیلم دۆکومێنتەری هەیە پێویستی بە دەنگی گێڕەوەر نیە. ئەگەر پێویستیش هەبیت ئەوە مرۆڤی یان مرۆڤانی سەرەکی کە فیلمەکە لەسەر روداوی ژیان ئەوانە، ڕوبەڕوی کامیرا ڕاستەوخۆ دەنگ تۆمار دەکەن (ساوندبایت) لە نێوان دیدارەکان و تۆمارکردنی روداوەکاندا. تەنها ئەگەر لە دوایدا، لە کاتێکدا کە بە دەنگی ڕاستەوخۆ وەکو پێویست چیرۆک نەهاتە بەرهەم، ئەوسا لە (پۆست- پرۆدەکشن)، لە ستودیۆ لە کاتی ئێدت، بۆ بەردەوامی پێدان لە گیرانەوەی ناوەڕۆکی فیلمەکە، بە دەنگی ئەو کەسانەی ناو فیلمەکە، واتە خاوەن چیرۆک - وەکو دەنگی کەسی یەکەم گێرەوەری (نەرەیشن) تۆماردەکرێت لە شوێنی پێویست لەسەر فیلمەکە، بەڵام ئەگەر دەنگی کەسی یەکەم پێویست نەبیت، بۆ نمونە ناوەڕۆک فیلم لەسەر جەنگی ئەمریکا وعیراقە، ئەوسا دەنگی سێیەم بەکار دێت، واتا کەسێکی شارەزا و دەنگخۆش کە لە فیلمەکەدا بونی نیە (نەرەیتەر)، لەو شوێنەیا پێویست بێت، بەدەنگی ئەو مرۆڤە چیرۆکەکە بەرداوی وەردەگرێت، نەک دەنگی دەرهینەر.

(ڤۆیس ئاندەر، ڤۆیس ئینتێریەر و ڤۆیس ئۆڤەر...!!!!!!!!)

چی چی چی چی؟ بەڕاستی زۆر سەیرە وەکو ئەوەی فەرهەنگی دۆکومێنتەری فیلم لەناو کوردا تایبەتمەندی خۆی هەبیت کە لە فیلمکار و شارەزایان و پسپۆڕانی جیهانی فیلمی دۆکومێنتەریەوە نادیار و وون بیت! چونکە من وا بۆ ماوەی بیست ساڵە فیلم دۆکومێنتەری دروست دەکەم- و وەکو یەکەم دەرهێنەر و فیلمکاری کوردم لە مێژوودا - کە فیلمەکانم لە تەلەڤیزیۆن بی بی سی ، کەناڵی چوار بەریتانی و لە زۆربەی هەرە زۆری کەناڵەکانی جهیان نیشان دراوە، تاکو ئێستا من ووشەی (ڤۆیس ئاندەر و ڤۆیس...)م نەبیستوە بەکار بیت لە ناو زمان و ڕێزمانی فیلم دۆکومێنتەری یدا. بەڵی ڤۆیس ئۆڤەر هەیە. بەڵام ئەمە گێروەری نیە بەمانای (نەرەیشن) و ڤۆیس ئۆڤەریش هەموو کات لە فیلمی دۆکومێنتەریدا بەکار نایات.

بە شیکی تری زۆر سەیر کە لەم نوسراوەدا هاتوە دەڵیت:

(کامیرا پێویست ناکات لە کاتی جوڵانەوەیدا بەهایەکی تر یان دید و نیگایەکی تر بە کێش بکات بۆ سەر ئەو کارەکتەرەی کە دەی گریت...!!).

کارەکتەر ! کارەکتەری چی؟ بۆچی ئەمە باس و تیۆڕی فیلم سینەما و فیکشنە کە کارەکتەری تێدا بیت؟ لە فیلمی دۆکومێنتەری کەسەکانی ناو روداو کەسی ڕاستین نەک ئەکتەر کە وەک کارەکتەر باسیان لێبکریت. بەڵێ لە هەندێک فیلمی دۆکومێنتەری مێژویی، واتە دروستکردنەوەی ڕوداوی ڕابردو، دوورنیە کەوا کارەکتەر بەکار بێت بۆ ڕۆڵ وەرگرتن- بەڵام ئەو ئەکتەرە وەک کارەکتەر تەماشا ناکریت و ناو نابردرێت چونکە ئەو لەناو فیلمە دۆکومێنتەریەکەدا دەبیت بەو کەسەی کە لە روداوەکەدا هەیە، و کەسێکی ناوسراوە بە ناو وە ناسنامەی راستەقینە و مێژویی خۆی هەیە کە پێناسی دەکات وەک مرۆڤێکی هەبوو، نەک کارەکتەرێک.

نوسراوەکە لە پر لە "تیۆرییەوە" دەبێت بە باسی مێژوو و منیش لەمە زیاتر شایەنی نیە باسی لەسەر بکەم. هیوادارم کەوا خوێنەر سودێک لەم باسە وەرگریت و لەوەش زیاتر، هیوادارم کە دەستەی نوسەرانی سینەما کوردیکابەردەوام ماوە نەدەن بە بڵاو بونەوەی بابەتی سەرلێشیواو و زەرەرمەندی وەکو ئەمەیلێرەدا باسمان لێکرد، بۆ ئەوەی خاوەنی ئەم *تیۆرییە* پروپوچەڵانە هەگبەیان بەتاڵ کەن وە چیتر سەرمان نەهێننە ژان. لێرەدا کۆتایی بە بابەتەکەم دێنم و دەلێم:-، ئەوەی ڕاستی زانستی و ئەکادیمی بێت لەم بابەتەیا نیە دەربارەی تیۆری فیلمی دۆکومێنتەری، ئامۆژگاریشم ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک دەیەوێت تیۆری فیلم بنوسێتەوە، پێشتر با خۆی پەروەردە بکات و لەمانای فیلم و تیۆریەکانی بگات بۆ ئەوەی خوێنەر و فیلمکاری سادەی کورد چەواشە نەکات وەکو خۆی.

## ڕوونکردنەوەیەک لە سینەما کوردیکا

لەبەر بڕوای تەواومان بە ئازادی و شەفافیەت ئەو بابەتە بڵاو دەکەینەوە، هەروەها ئاگادارین کە لە شوێنی دیکەش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام چونکە بابەتەکە پەیوەندی هەیە بە یەکێک لە بابەتە بڵاوکراوەکانی سینەما کوردیکا، بۆیە ئێمەش دەیخەینە بەر دیدی خوێنەران.

سینەما کوردیکا
ژمارە (٥) جانوەری ٢٠١٠
cinemakurdika@yahoo.com
CINÉMA KURDICA 5

# جیاوازییەکانی سینەمای کلاسیک و دیجیتاڵ




**ئەدۆ**

## بەشی چوارەم

جۆرج لوکاس گەورە دەرهێنەری سینەمایی دەڵێ (ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ کودەتا) کە هەموو شتێک ئامادەیە و کواڵیەتیەکی زۆر باش لەبەردەستە بۆچی هۆڵیوود بەکامیرای دیجیتال وێنەی فیلمەکانی ناگرێ و فیلمەکانی بەو سیستەمە تازەیە بەرهەم ناهێنێ؟ یاخود بۆچی هۆڵەکانی نیشاندان بە سیستەمی دیجیتال کارناکەن و پشت لە سینەمای سلیلۆید (کلاسیک) ناکەن، بابەیەکەوە بەچەند لەمپەرێکی سیستەمی دیجیتال ئاشنا بین ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێت کەوا جۆرج لوکاس بەپێش روداوەکان دەکەوێت و بەپەلە بیر دەداتەوە.

١- ئەو گۆڕانکاریە لەناکاوە و شۆڕشی دیجیتال کاتێکی زیاتری دەوێت بۆ بڕواهێنانی سەد دەر سەد.

٢- ئاسان نییە بۆ هۆڵیوود کە سالآنێکی دورو درێژە دروست بووە بەو هەموو کۆمپانیاو ئامێر و تەکنیک کارانەی لەناکاو پشت لەهەموو شتێک بکات،چونکە بەو شێوەیە برە پارەیەکی زۆر لەدەست دەدات و لەوانەیە هەندێک لەکۆمپانیاکانی ئیفلاس بکەن.

٣- کاریگەری دەرونی خراپی لەسەر گەورە دەرهێنەرەکان دروستکردوە ئەوان لەسەر سیستەمی کۆن راهاتوون و ناتوانن ئەو گۆڕانکارییە لەشەو و رۆژێکدا قەبوڵ بکەن.

٤- سینەمای سلیلۆید سالآنێکی زۆر خزمەتی سینەمای هۆڵیوودی کردووە ئەستەمە وا بەئاسانی فەرامۆش بکرێت.

٥- سینەمای دیجیتال، کۆمپانیا دابەش کەرەکانی دووچاری پاڵەپەستۆی زۆر کردووە و فەرمانی گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەر ستراتیژ و کارەکانیان دا دەسەپێنێت.دوای گشتگیری سینەمای دیجیتال وا مەزەندە دەکرێت کۆمەڵێک کۆمپانیا ئیفلاس بکەن،چونکە کەس پێویستی بە ستۆدیۆکانی ئەوان نامێنێ لەبەر ئەوەی لە سینەمای دیجیتاڵ دابەشکردن زۆر ئاسانە و پارەیەکی زۆری تێ ناچێ.

٦- کێشەی کۆپی رایت واتە پارستنی مافی بڵاوکردنەوە زۆربەزەقی لەسینەمای دیجیتال بەرچاو دەکەوێ و دیارە زۆر بەئاسانی دەتوانرێ فیلمەکان کۆپی بکرێ، بە تایبەتی لە رێگای کۆمپوتەر، کە پرۆگرامی بە هێز بۆ ئەو کردارە ئامادەکراوە و ئێستاکە لەبەر دەستی بەکارهێنەرە،بەڵام بەم دواییە ئەو کێشەیەش تا ئاستێک چارەسەر کرا بە دانانی پین کۆد و قفل دانی دیسکی فیلمەکان.

٧- هۆڵەکانی نمایشکردن خاوەن ئەو سیستەمە نوێیە نین بۆ وەدەست هێنان و رێک خستنی هەر هۆڵێک پێویستیان بە نزیکەی ١٥٠٠٠٠ دۆلار دەبێت بەڵام رەنگە خاوەن هۆڵەکان ئامادەنەبن ئەو برە پارە زۆرە بۆکاتی ئێستا سەرف بکەن تەنها ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان رێک کەوتنی تازە ئەنجام بدەن.

٨- لەکاتی جێ بەجێ کردنی ئەو سیستەمەدا لەوانەیە کێشەی زۆر گەورە لە نێوان کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان و کۆمپانیا دابەشکەرەکان و هۆڵەکانی نمایشکردن روبدات چونکە میکانیزمی بازرگانیەکە گۆڕانکاری زۆر بەسەر دادێت.

٩- گرنگترین خاڵ کە هۆڵیوودی دووچاری بیرکرنەوەی قوڵ کردوە ئەوەیە کەوا هۆڵیوود ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کەسینەمای دیجیتال لەوانەیە رەسەنایەتی سینەما لەدەست بدات، بەیانوی ئەوەی ئەو ستافەی لە فیلمێکی دیجیتال دەیان هەزار دۆلار لە فیلمێک زەرەر دەکات ئەوەندە کاریگەری خراپی لەسەر نەبێت بەرامبەر بەوانەی کەلە فیلمێکی سلیلۆید ملیۆنەها دۆلار سەرف دەکەن.

ئەو خاڵانەی کە باسمانکرد تەنها هەندێ قسە نییە و بەس بەڵکو جێگای رامان و بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەیە بەڵام رەنگە چارەسەری ئەستەم نەبێت! هۆڵیوود بەو هەموو گەورەیی و شکۆداریەی خۆیەوە کە سینەمای هەموو دونیای داگیر کردووە تۆ بڵێی وەڵامی لۆژیکی بۆ ئەو دڵە راوکێیە پێ نەبێ؟ کەچی تا بۆی بکرێ بەرگری لە خۆی دەکات و هاوکاری سەرکەوتنی سینەمای دیجیتال ناکات چونکی ئەو کاتەی کە سینەمای دیجیتال سەد دەر سەد شوێنی سینەمای سلیلۆید یان سینەمای کلاسیکی دەگرێتەوە ئەو کاتە هۆڵیوود ئەو شکۆداریەی ئێستای نامێنێ و ناتوانێ بەبیرو بۆچون و فیلمەکانی هەموو دونیا بهەژێنێ، هەر فیلم سازێک لە ئۆفیسە بچکۆلانەکەی خۆیدا هۆڵیوودێک دروست دەکات ئەو شۆرشە بەرێگاوەیە و زۆر بە خێرایی رێ دەبڕێ و گوێ بەهیچ شتێک نادات نمونەش بۆ ئەو تەوژمە بەهێزە هەزاران فیلمی دەرهێنەرە گەنجەکانە کە لە فیستڤاڵە جیهانییەکان بەشداری دەکات و خەڵاتی گەورەش بەدەست دێنن،

بەڵام رێگاکە سەختەو بەمافوری سور و گوڵ باران لەهەموولایەکەوە پێشوازی ناکرێ ئەوەتا ستیڤن سپیلبیرگی گەورە دەرهێنەری هۆڵیوود کە دژی سینەمای دیجیتاڵە دەڵێ (تا تاکە ستۆدیۆ و کامیرایەکی سینەمایی مابێ کار بە دیجیتال ناکەم).




# سیناریۆی کورتە فیلمی (چەپین ـ الکبت)

سیناریۆی: **حەسەن جودی**
ماوەی فیلم: **(٥)خولەک**

**بینراوی (١): دەرەوە ـ رۆژ**

<u>دیمەنی یەکەم:</u> پێش مزگەوتی گەورەی شار، ئاپۆڕەی خەڵکە. لەمەزادخانەی پێش مزگەوتەکەدا هاوار هاواری دەستفرۆش و مێزدانەر و سەدای دەنگی دوکانەکانی تەسجیلفرۆشی و تۆمارگاکان تێکەڵ بەیەک بووە.

<u>دیمەنی دووەم:</u> چەند هەرزەکار و گەنجێک لەدەوری مێزی "سی دی" فرۆشێک کۆبوونەتەوە، بەتامەزرۆیی و سەرسامییەوە لەئەفیشی فیلمە ورۆژێنەرەکان دەڕوانن. هەرزەکارێکیان لەبناگوێی سی دی فرۆشەکە دەچرپێنێ، ئەویش بەئەسپایی گۆڤارێکی سێکسی لەژێر مێزەکەی بۆ دەردەخات و دەیداتێ و پارەکەی لێ وەردەگرێ.

<u>دیمەنی سێیەم:</u> منداڵێکی دە ساڵان خەریکی جگەرە کڕینە لە گەنجێکی جگەرەفرۆش. ئاپۆڕەی خەڵک بەردەوامە.

**بینراوی (٢): ناوەوە ـ رۆژ**

ریزە ئاودەستێکی مزگەوت، خەڵکانێک چاوەڕێی چوونە ئاودەستن، ئەوەی جەمەدانی لەسەربێ لووتی خۆی بە لچکە جەمەدانی گرتووە. کەسانێکیش لە ئاودەست دێنە دەرەوە، یان دەچنە ئاودەست، ئەوانەی چاوەڕێ دەکەن لە روخساری یەکدی دەڕوانن، روخسارەکان نائاسایی و نامۆ دێنە بەرچاو. هەندێکیان تەنگاوییان پێوە دیارە و پەلەیانە. ناوە ناوە یەکێکیان لەدەرگای ئاودەستەکە دەدات.

**بینراوی (٣): دەرەوە ـ رۆژ**

حەوزی دەستنوێژ هەڵگرتنە. چەند کەسێکی پیر و گەنج و منداڵ خەریکی دەستنوێژ هەڵگرتن.

**بینراوی (٤): ناوەوە ـ رۆژ**

هەمان بینراوی (٢).

<u>دیمەنی یەکەم:</u> ئەو هەرزەکارەی گۆڤارە سێکسییەکەی کڕی دێت و وەکو کەسانی دیکە چاوەڕێ دەکات. دیارە کە گۆڤارەکەی خستۆتە ژێر قەمسەلەکەیەوە. بەترس و شەرمەوە چاوەڕێ دەکات، ئەو منداڵەی جگەرەی کڕی ئەویش دێت چاوەڕێ دەکات، سەرەتا لە روخساری کەسە راوەستاوەکان دەڕوانێ، ئەوانیش بە تەوسەوە لێی دەڕوانن.

کەسێکی ورگ زل دێت و رادەوەستێ، دەستی بەسکیەوە گرتووە، لەوان دەڕوانێ، لێی دەڕوانن دیارە کە تووشی سکچوون بووە، دوای دەرچوونی کەسێک، یەکسەر خۆی دەکات بە ئاودەستدا. دواتر دوای دەرکەوتنی کەسێکی دیکە کوڕە هەرزەکارەکە دەچێتە شوێنی.

<u>دیمەنی دووەم:</u> پیاوە قەڵەوەکەوهەرزەکارەکە هەردووکیان لە شوێنی خۆیان خەریکی خۆکردنەوەن.

<u>دیمەنی سێیەم:</u> (پان) منداڵەکەش دەچێتە ئاودەستێکی تەنیشتیان، خەریکی خۆکردنەوەیە، هەردووەکەی دیکەش لەسەر چیچکان دانیشتوون. کابرا قەڵەوەکە خەریکی خوێندنەوەو سەیرکردنی نووسین و وێنەکانی سەر دیواری ئاودەستەکەیە. کوڕە هەرزەکارەکەش خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەیە. منداڵەکەش خەریکی جگەرە پێکردنە. ناوە ناوە لەدەرگای ئاودەستی دەدرێ.

<u>دیمەنی چوارەم:</u> تادێت کەسانی چاوەڕێکار زێدە دەبن، لێدانی دەرگاکانی ئاودەستیش زێدە دەبێت. کابرا قەڵەوەکە دانە بە دانەی هەرسێکیان نووسراوەکانی سەر دیوارەکە دەخوێنێتەوە، لەنیگارەکانی سەر دیوارەکەوە دەڕوانێ، سەری سوور دەمێنێ. لێدانی دەرگاکان زیاتر دەبێت، کەسانی چاوەڕێکاریش زیاتر دەبن. کوڕە هەرزەکارەکەش لەلاپەڕەکانی گۆڤارەکە دەڕوانێ. لێدانی دەرگاکان زیاتر دەبێت. منداڵەکە جگەرەیەکی دیکەش دادەگیرسێنێ، لەقونکە جگەرەکان را دیارە کەجگەرەی زۆری کێشاوە. لێدانی دەرگاکان زیاتر و زیاتر دەبێت، تا دەگاتە ئاستی ریتمێکی خێرای مارش ئاسا، کەسانی چاوەڕێکار زیاتر دەبن، دەنگی بانگدان لەگەڵ دەنگی ریتمی لێدانی دەرگاکان زیاتر دەبێت، هەریەک لەوانەی بەنێو ئاودەستەکە بەکاری خۆیانەوە مژوولن. بەرادەیەک ریتمی لێدانی دەرگاکان زیاتر دەبێت ئیتر بەسەر دەنگی بانگدانەکەدا زاڵ دەبێت و ئیدی دەنگی بانگدانەکەی تێدا ون دەبێت. تەنیا دەنگی لێدانی دەرگاکان دێت.



**کۆتایی**

سینەما کوردیکا
ژمارە (٥) جانوەری ٢٠١٠
cinemakurdika@yahoo.com

# هەنگاوە نوێیەکانی فێستیڤاڵە کوردییەکان

فەرزین کەریم

لە دووەم فێستیڤاڵی سلێمانی دوو هەنگاو بە دی کران :

١- بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، کورتە فیلمەکان تەنیا تیشکییان نەخستبووە سەر مێژووی خەماوی و ڕووداوە ناخۆشەکان کە لە ڕابردوو بەسەر گەلی کوردستان هاتبوون، بەڵکو گۆڕانێکی باش لە بەرهەمەکانی ئەم دیووە بەدی دەکرا کە ئەویش تیشکییان دەخستە سەر بابەتگەلێکی کۆمەلایەتی، بە تایبەتیش لایەنی ئەوینداری کە لە ناوەڕۆکەکانیاندا گۆڕانێکی بنەڕەتی بە دی دەکرا.

٢- وەرچەرخان لە خودی فێستیڤاڵە حکومییەکان، ئەوانەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارە میرییەکانەوە ئەنجام دەدرێن ڕوویداوە، ئەمەش ئەوەیە کە بە داخەوە ئەم خولەی فیستیڤالی سلێمانی، ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە لە خولی یەکەم قەتیس مابوون و نەیانتوانیبوو لە بەربەستی یەکەم هەنگاو دەربازیان بوو بێت. ئەمەش ببووە جێی داخی هەموو سینەماخوازان، هەرچەندە دەبێ ئەوەش بڵێین کە بە پێچەوانەی بەڕێوەبەرایەتییەکان، ئەو فیستیڤاڵانەی لە لایەن کۆمپانیا و دامەزراوە ناحکومییەکانەوە بەڕێوەچوون توانیویانە ئەم بەربەستانە بشکێنن، لەوانەش "فێستیڤاڵی دژەتیرۆر" کە لە لایەن کۆمپانیای "ئەڤین فیلم"ەوە بەڕێوەچوو، یان خولەکانی "فێستیڤالی تەوار" کە لە لایەن یەکێتی ژنانەوە ئەنجامدران، سەربارى ئەوەش فێستیڤاڵە کوردییەکانی دەرەوەی کوردستانیش توانیویانە بە پێی بەرنامە خولەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن.

بەڵام سەرەڕای ئەم خاڵە ئیجابی و ئەرێنیانەی باسمان کردن خاڵێکی نەرێنی و تێنەگەیشتنیش هەروەکو جاران سەبارەت بە کورتە فیلمەکان بە دی دەکرێت، ئەویش بریتییە لە جێبەجێکردنی لاوازی بیرۆکە یان چیرۆک لە فیلمەکاندا، بە واتایەکی تر هەروەکو جاران هەوڵمان داوە نانی چیرۆک بخۆین، ئەمەش بەو گۆڕانەی کە لە بابەتی ناوەڕۆکەکاندا ڕوویداوە ناهێتەدی، چونکە وەکو لە خاڵی یەکەمی ئەرێنی دا ئاماژەم پێکرد کە ئێستا ئێمە هەوڵمانداوە تەنیا سوود لە بابەتە کارەسات ئامێزانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە لە کورتە فیلمەکاندا وەرنەگرین و ئاوڕ لە بابەتەکانی دیکەش بدەینەوە، کەواتە لێرەدا دەبێت بیر لە بەهێزی جێبەجێکردنی ئەم بابەتانە بکەینەوە، گرینگی بە چاو و وێنە و تەکنیکی نوێ بدەین، بە شێوەیەکی گشتی هیواخوازین ئەم هەنگاوە نوێیانە، بزاڤی فیلمسازی لە کوردستان بە گشتی و هەرێمی گوردستان بە تایبەتی، بەرەو ئاقارێکی نوێ و باشتر بەرێ.



# فیلمۆگرافی

# ڕزگار کەریم سەعید

**لەدایک بووی :** گەڕەکی سەرشەقامە لە سلێمانی.

**پلەی خوێندن :** بەکالۆریۆس ئەکادیمیایی هونەرەجوانەکان – بەشی شانۆ – بەغداد – ساڵی :- 1985 .

بەکالۆریۆس کۆلێژی لەندەن – بەشی دەرهێنانی فیلم – بەریتانیا – ساڵی:- 1997.

کۆرسی نوسینی سیناریۆی سینەمایی – نیقابەی هونەرمەندانی پەخش و خۆشگوزەرانی و سینە ماتۆگرافەکان وشانۆی بەریتانی (BECTU )- لەندەن – ساڵی :- 2004 .

کۆرسی نوسینی سیناریۆیی فیلمی کورت – ئەکادیمیایی بەریتانی بۆ هونەری فیلم و تەلەفزیۆن . (BAFTA ) – لەندەن . ساڵی :- 2005 .

کۆرسی هایدیفینیشن بۆ سینەماتۆگرافەکان – کۆمەڵگای سینەماتۆگرافەکانی بەڕیتانی. ( BSCINE ) – لەندەن . ساڵی:- 2008 .

| | | | |
|---|---|---|---|
| فیلمی کوردی ( شۆڕشی هەژاران) | 1976 | ئەکادیمیای بەغداد | ئەکتەر. |
| فیلمی ( ڕۆژژمێری پەناهەندەیە ک – ڤیدیۆ- 96 خولەک) | 1991 | بنکەی ڕۆشنبیری کوردی – لەندەن | نووسەرو دەرهێنەر و ئەکتەر . |
| تەمسیلی ( بورجەکەی زینەر) | 1993 | BBC – ڕادیۆی 4 | ئەکتەر . |
| فیلمی ( وێنە ئەفسوناویەکان) 16ملم . | 1994 | کۆلێژی فیلم – لەندەن | سینەماتۆگراف (کامێرا) |
| فیلمی ( مۆنۆلۆگ) | 1995 | کۆلێژی فیلم – لەندەن | دەرهێنەر . |
| فیلمی ( بەخێرهاتی بۆ جیهانی ئایدز) | 1996 | کۆلێژی فیلم – لەندەن | نوسەر و دەرهێنەر . |
| فیلمی ( ڕۆژێک لەڕۆژان دراوێک) | 1997 | کۆلێژی فیلم و چیمەن ڕەحیمی -لەندەن | ئەندازیاری دەنگ . |
| فیلمی ( گەشت) | 1997 | کۆلێژی فیلم . لەندەن | نووسەر . دەرهێنەر . ئەکتەر . |
| فیلمی (کینگ دەیڤید – جەرەمایا) | 1998 | BBC 2(England) –HBO(USA) | دەنگی ئەکتەر . |
| فیلمی ( مەمی) | 1999 | یونیڤێرسەل ستودیو هۆلیوود . ئەمەریکا. | دەنگی ئەکتەر . |
| فیلمی دۆکیومێنتەری ( جیهانی سەددام) | 2000 | ORTV - ITV | ئەکتەر . وەرگێڕ . |
| فیلمی دۆکیومێنتەری ( باخچەی دەبەری لادێکان) | 2001 | CH 4 | ئەکتەر . |
| زنجیرە درامای ( سپووک) | 2002 | BBC | ئەکتەر . |
| فیلمی ( گەشت) | 2003 | ڤیستیڤاڵی فیلمی عەرەبی لەندەن . | نوسەر . دەرهێنەر. |
| فیلمی ( ئێراق سێرکسێکی خوێناوی) | 2005 | CH 4 | ئەکتەر . |
| فیلمی ( ژنهێنانی موتعە ) | 2005 | UK Film Screen | ئەکتەر . |
| فیلمی شۆڕیلی ( خۆشەویستەکەم ) . ئەنتوان چیکۆف . | 2007 | ڕزگار کەریم | ئەکتەر . مۆنتێر . |
| پرۆمۆی ( ئیسلام پاش 1400 ) . 75ملم . | 2008 | Qatar Scientology park - London | ئەکتەر . |
| فیلمی ( سزا) | 2008 | یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان و ئێران – لەندەن و چیمەن ڕەحیمی | ئەکتەر . |
| فیلمی ( شازادەی فارس) 2010 دێتە بازاڕەوە. | 2009 | واڵت دیزنی کۆمپەنی . هۆلیود – ئەمەریکا . | ئەکتەر . |
| نوسین و توێژینەوەو کۆڕو ڕەخنەی شانۆیی و سینەمایی بڵاوکردنەوە.. زیاد لە 45 نوسین دەربارەی شانۆو سینەمای کوردی . | 1981- 2009 | لە هەموو گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکان و ئینگلیزیەکانی کوردستان و بەریتانیادا. | نوسەر . توێژەرەوە . ڕەخنەگر . |

- لە ساڵی 1994 ەوە ئەندامی نیقابەی هونەرمەندانی بەریتانی
- ( BECTU ) یە تا ئەمڕۆ – لە بەشی :- دەرهێنەران و بەرهەم هێنەرانی سینەمایی بەریتانی – ژمارەی شوناسنامە :- 150971 – بەشی:- LPD و لقی :- WPDB.
- ساڵی 2007 ئەندامی لیژنەی ڤیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن بووە – کە پسپۆڕی پێداچوونەوەو هەڵبژاردنی فیلمەکانی پێبەخشرابوو لەگەڵ بەشی پرێس و میدیا.

فیلمێکی درێژی نوسیوە بەناوی ( ساتەکانی گەڕەک) کە باسی کۆمەڵێک منداڵ دەکات لە گەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی و چۆن ژیان بەسەر دەبەن لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانەوە تا سەرەتای گەورەبوونیان لەساڵانی هەشتاکاندا و چاوەڕێ دەکات کە دارایی بۆ پەیدا بکات و فیلمە درێژەکەی بەئاکام بگەیەنێت.



CINÉMA KURDICA 3

سینەما کوردیکا

ژمارە (٥) جانوەری ٢٠١٠
cinemakurdika@yahoo.com

# شاندێکی کوردی بۆ فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن

**ئەمیر تەها**

ئێمە بە شاندێکی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی شەشەم فێستیڤالی فیلمی کوردی لەندەن کراین کە پێکهاتبوو لە سەلاح حەسەن وەک سەرۆکی شاند و بەکر مەعروف و ئەمیر تەها کە بە فیلمی (لەیلا قاسم هێمای بەرخودان)ە بەشدار بوو ، شیلان ناسر حەسەن و مەسعود عارف و شێرزاد هیدایەت و هاوڕێ مستەفا و دانا کەریم و ئەحمەد مەحمود بە دوو تیم چووینە ئەردەن و لەوێ بە پێڕەوکردنی ڕێنماییەکانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا دۆکۆمێنتەکانی خۆمان پێشکەش کرد، بەڵام بەداخەوە چوار لەو برادەرانە نەخێریان وەرگرت، پێنج کەس بەرەو لەندەن بەڕێ کەوتین و لەوێ لەلایەن بەڕێزان شەونم عادل کە بەرپرسی دارایی فێستیڤالە و کاک ئاکۆعەلی کە لە کۆمیتەی فێستیڤالە پێشوازی کراین و بەرەو هۆڵی فێستیڤال ڕۆیشتین،لەبەر هەندێک کاری بیروکراتی ڕۆژی سێیەمی فێستیڤالەکە گەیشتن، دیارە لەو شاندەدا ئەمیر تەها و شێرزاد هیدایەت بە دوو فیلمی دۆکۆمێنتەری بەشدار ببوون.

ئەم فێستیڤالە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتبوو، کەبریتی بوون لە بەشی پێشبڕکێ لەو بەشەدا تەنها فیلمە فیکشنە کورتەکان بەشدار دەبوون لە ژێر تایتلی پێشبڕکێی یەڵماز گۆنای بۆ کورتە فیلم،بەشی دووەمیش بریتی بوو لە فیلمە دۆکۆمێنتییەکان و فیلمە درێژەکان و ئەنیمەیشنەکان.

لەم فێستیڤالەدا چەند لیژنەیەک هەبوون، وەک لیژنەی هەڵبژاردنی فیلمەکان کە لە کەسی پسپۆڕی کورد و بیانی پێک هاتبوون، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو فیلمانەی کە شیاوی بەشدار کردنن هەروەها لێژنەی دادوەری کە لە پێنج کەس پێکهاتوون بۆ بەخشینی خەڵاتەکان.

ئەمە جگە لە کۆمیتەی فێستیڤال کە لەچەند کەسێکی پسپۆڕ لە بواری سینەما پێکهاتوون وەک عەتا موفتی و تارا جاف و شەونم عادل وکاک ئاکۆ و و چەند برادەرێکی تری بیانی،هەروەها کاک مستەفای بەرپرسی فێستیڤال بوو.




لەم فێستیڤالەدا ١٢٧ فیلم بە هەموو جۆرەکانی نیشاندرا و بەڕاستی فێستیڤالێکی چالاک بوو، خەڵکی بیانی و کوردی تاراوگە چ هونەرمەندان و چ بینەری سینەمایی بە جۆشەوە ئامادەی فیستیڤال دەبوون و گفت و گۆی گەرم لە نێوان ئەوان خۆ بەخۆ و ئەوان و دەرهێنەرەکان دروست دەبوو،برادەرانی فێستیڤال شەوانە ئاهەنگی قەشەنگ و جوانیان بۆ ئامادەبوان دەرازاندەوە، شەوێکی جوان و دڵرفێنمان لەتەک هونەرمەندی گەورە ناسری ڕەزازی بردە سەر، ئەمە جگە لەوەی شەوی دابەشکردنی خەڵاتەکان شەوێکی جوان ورازاوەتر بوو، لەو شەوەدا لەلایەن هونەرمەند بەکر مەعروف وەک نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان بەناوی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان وتاری وەزارەت خوێندرایەوە، پاشان وتاری فێستیڤال، ئینجا دابەشکردنی خەڵاتەکان کە سێ فیلم وەک یەکەم و دووەم و سێیەم خەڵات کران، لەگەڵ خەڵاتی ڕێزلێنان.

فێستیڤالەکە بە ئامادەبوونی نوێنەری هونەری سەرۆک ئۆباما و خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیان بەڕێوەچوو، هەروەها بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و کەناڵە ڕاگەیاندنە کوردیەکان و ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت، بی بی سی فێستڤالەکە جوانتر و هونەریانەتر خۆی نیشاندا.

# هەرزانترین و سادەترین دۆلی

بە چواردە هەنگاو هەرزانترین دۆلی بۆ خۆت دروست بکە، جوولەی وێنەگرتنی فیلمە کورت و بێ بودجەکانت پێ ئەنجام بدە، مەوەستە لە کارکردن، هەردەم هەوڵی تازەگەری و و نوێخوازی بدە، با سیناریۆکانت مرۆڤدۆستانە بێت، با فیلمەکانت ڕەنگدانەوەی واقیع بێت نەک کۆپیکردن، واقیعیش بەو شێوە وێنا بکە کە خۆت تێی دەگەیت، نەک وەک ئەوەی ئەوانی تر تێی دەگەن. چونکە بنچینەی هەموو داهێنانێک فەردییەتێکی ڕۆشنگەری دەوێ، تۆ ببە بەو تاکە ڕۆشنگەرەی سینەما، لەگەڵ خۆت کەمێک سەرکێش بە، گوێ بەم و ئەو مەدە، ژیان بەردەوامە. تۆ داهێنانەکانت بە کەمترین خەرجی بکە، باهەوڵە سەرەتاییەکانت بە ئامراز و ئامێری سەرەتایی بێت، بەو ئامرازە ساکارەش جوولەی جوان و سەرنج ڕاکێش لە فیلمەکانت دروست بکە، بێگومان ئەمە دەشێ، چونکە مەزنترین سینەمای جیهانیش هەر بەم چەشنە دروست بووە.



CINÉMA KURDICA

سینەما کوردیکا

ژمارە (٥) جانوەری ٢٠١٠
cinemakurdika@yahoo.com

# هەقیقەت و درۆ... !؟

د. موحسین ئەحمەد عومەر

لە ناو هەموو سینەمایەک درۆیەک و هەقیقەتێک هەیە. بۆ پیشاندانی ئەم ڕوانینە هەوڵ دەدەم ڕوانین و ئیتیباعی خۆم وەک بینەرێک لە بارەی سێ مۆدێلی سینەمایی جیهانی بخەمەڕوو، ئەمەش بریتیە لە سینەمای ئەمریکی و هیندی و میسری. ئەمەی دوایی، میسری سەرەڕای هەموو دەوڵەمەندی و نشووستییەکانی هێشتا نەبۆتە مۆدێلێکی سینەمایی کولتووریکی مەزنتر لە هی خۆی پێشکەش بکا، بە پێچەوانەی هیندی و ئەمریکی لە ناو لۆکالی خۆی قەتیس بووە. سەردەمە مەزنەکانی سینەمای میسری دەمێکە ئاوابووە، ئەوان ڕوویان کردۆتە بەرهەم هێنانی زنجیرە درامای تەلەڤیزیۆنی کە هەرمێنی ماددی خۆی هەیە، لەولاشەوە، میسرییەکان دیارە قەت نایانەوێ بەرەو کولتووریکی جیهانی بڕۆن، زیاتر بایەخ بە ژیانی لادێ و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ژیانی لادێ دەدەن. لە فیلمەکانیان دەیانەوێ هەردەم مرۆڤێکی نایاب و جوان و بە سۆز و دڵ پڕ لە خۆشەویستی پیشان بدەن، بەڵام ئەمە لە نواندنێک زیاتر نیە، واتە ڕواڵەتی نواندنی پێوە دیارە، چونکە هەمووومان دەزانین واقیعی میسری زۆر لەوە ئاڵۆزترە لە ڕووی ئایینی و سیاسی و کۆمەلایەتی. لەم چەند ساڵانەی دوایی، رابوونی ئیسلامی بنەوانگر زۆر لە سینەمای میسری بە دەردەکەوێ، کاریگەری خۆی خستۆتە سەر ڕوانین و درامای سینەمایی میسری کە بەرەو پووکانەوەی بردووە. هەڵبەت ئەمەش مانای ئەوە نیە کە دوور لە هەموو کاریگەرییەک و ەئیدیۆلۆژییەک هەندێ فیلمی باش لە میسر بەرهەم ناهێنرێن، بێگومان، فیلمی باشیان هەیە کە باس لە هەقیقەت و کێشە کۆمەلایەتییەکان دەکا کە ڕەهەندێک و خوێندنەوەیەکی گەورەتر لە خۆیان پێشکەش دەکەن، بەڵام ئەم جۆرە فیلمانە زۆر کەمن. هەروەها ئێستێتیک لە فیلمی میسری زۆر دەگمەنە، ڕوانینی هونەری پێشکەوتوو بە ئاراستەی داهێنانی سینەمایەکی ئێستێتیکی کە تەعبیر لە کولتووری میسری کۆن و نوێ




بکا زۆر دەگمەنە، ئەوان ڕاستەوخۆ فیلم دەگرن، لە دەرەوەی ستۆدیۆش توانای فیلمە میسرییەکان تا ئەمرۆش لاوازە.

هەرچی سینەمای ئەمریکییە تایبەتمەندی خۆی پاراستووە، فیلمە کولتوورییەکان تا ڕادەیەک دژایەتی فیلمی ئەکشن دەکەن کە بوونەتە کالایەکی بازرگانی و جیهانیان داگیرکردووە. بەڵام ئەوەی لە فیلمی ئەمریکی هەستی پێ دەکرێ ئەو سیفەتە جیهانییەیە Universel کە هەیەتی، هەتا فیلمە ئەکشنەکانیش ئەم سیفەتەیان هەیە، دوورن لە هەموو پێشینەیەکی ئایینی و ئیدیۆلۆژی، تا ڕادەیەکیش سیاسی. زیاتر باس لە کێشەی مرۆڤ دەکرێ وەک مرۆڤ، ئەمەش پەیوەندی بە تایبەتمەندی کولتووری و مۆدێلی سیاسی ئەمریکییەوە هەیە، بەڵام هەموو ئەم سیفەتانە مانای ئەو ناگەیەنێ لە فیلمی ئەمریکی درۆ نیە، شاردنەوەی هەقیقەت نیە. بە پێچەوانەوە، فیلمی ئەکشنی ئەمریکی کە بۆتە هێزێکی سەرمایەداری بۆ خۆی بریتییە لە درۆیەکی مەزن و پڕ لە ئیدیۆلۆژی. هەمان کێشە لە فیلمی هێندیش هەستی پێدەکرێ، ئەوانیش سەرەڕای بوونی کوێرەوەری و هەژاری، بەردەوام ئەو درۆیە مەزنە لە ناو فیلمەکانیان لەسەر شاشەیە کە جیهان زۆر خۆشە و هیچ کێشەیەک نیە و سەرەنجام دەبێ هەردەم گۆرانی بڵێین. ئەوانیش سەرەڕای کولتووری لیریکی خۆیان نایانەوێ لەم تایبەتمەندییەی خۆیان دەرچن، درێژە بەو مەهزەلەیە دەدەن کە لە هەموو فیلمێکی هێندی (تاک و تەرای لێ دەرکە) دەبینرێ. بێگومان ئەمە ئەو پاشخانەیە کە بازاڕ داوای دەکا، بازاڕ لە سینەمای هیندی و ئەمریکی گوێ بە هەقیقەت و کێشەی کۆمەلایەتی نادا، بەڵکو گرینگی بە جوانکردنی درۆ دەدا، جوانکردنی درۆ بۆ بازار گەرم کردن و فرۆشتنی کاڵاکان کە کێشەی مرۆڤەکان خۆیانن. هەرچی سینەمای ئۆرۆپییە تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو ئەم بابەتانە دوورە، ڕاستەوخۆ نرخە کولتووری و ئێستێتیکییەکان بە پلەی یەکەم دێن. لە فیلمی ئۆروپی زۆر شت بە یەک ئاست دەڕۆن و نرخ و بایەخیان پێ دەدرێ. بە هەڵەدا ناچم ئەگەر بڵێم سینەمای ئۆروپا واتە سینەمای دیمۆکراسی.





فۆتۆ: نێچیرڤان سەنعان

## مۆڵەتی "سینەما کوردیکا" لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان



سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ژمارە: ( ٣٩ )
رۆژ: ١٠ / ١ / ٢٠١٠

تۆماری یاسایی

بەپێی برگەکانی (1. 2. 3. 4. 5. 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی سالی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت رۆژنامە/ گۆڤاری (سینەماکوردیکا) کە خاوەن ئیمتیازی ( پێشەڵ صباح محمد ) و سەرنووسەرەکەی (عدنان عوسمان علی)، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( ٣٩ ) تۆمار کرا.

فەرهاد عەونی
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ١٠ / ١ / ٢٠١٠



مانگنامەیەکی سینەماییە
د. موحسین ئەحمەد عومەرو
عەدنان عوسمان عەلی
دەریدەکەن

دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد
٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١
سەرپەرشتی چاپ: مسەدەق جەعفەر
چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)

KURDISTAN - HAWLER - JANUARY 2010

CINEMAKURDICA

5

جانوەری ٢٠١٠

یەکەم رۆژنامەی کوردی تایبەتە بە سینەما، ژمارەی یەکەمی لە ٢٠٠٩/٩/٩ دەرچووە




# سینەما کوردیکا



## بۆ یەکەمین جار فێستیڤالی فیلم لە دهۆک ساز دەکرێت

لەسەر بودجەی وەزارتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما و بەڕێوەبەرایەتی سینەمای دهۆک یەکەم فێستیڤالی فیلم لە شاری دهۆک بە بەشداری کۆمەڵێک کورتە فیلم لە رۆژانی ١٠ تا ١٥ ی ٢ی ٢٠١٠ بەڕێوەدەچێت، هەر لەو فێستڤالەدا کۆمەڵێک کورتە فیلمی دۆکۆمێنتی و چەند فیلمێکی درێژی فیکشن لە دەرەوەی بەشی پێشبڕکێ بەشداری دەکەن، لەو فێستیڤاڵەدا ٦ دانە خەڵاتی (گەڵای مێو) بەسەر فیلمە براوەکان دابەش دەکرێت بۆ ئەم تایبتمەندیانە (باشترین دەرهێنان، باشترین وێنەگرتن، باشترین سیناریۆ، باشترین مۆنتاژ، باشترین ئەکتەری پیاو، باشترین ئەکتەری ژن).

بۆزانیاری زیاتر سەیری ئەم ماڵپەڕە بکەن:
www.duhokfilmfestival.com



DUHOK FILM FESTIVAL
10 - 15 February 2010